شاخەوان عەبدوڵڵا سوپاسی هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان دەکات بۆ پشتیوانیکردنی پرۆژەیاسای پارێزگابوونی هەڵەبجە

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە بارەی پەسندکردنی پرۆژەیاسای بە پارێزگابوونی هەڵەبجە سوپاسی هەموو فراکسیۆنە کوردییەکانی کرد بۆ پشتیوانیکردنی پرۆژەیاساکە.
دووشەممە، 14ـی نیسانی 2025، شاخەوان عەبدوڵڵا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق سوپاسی هەموو فراکسیۆنە کوردییەکانی کرد بۆ پشتیوانیکردنی پرۆژەیاساکە و تێپەڕاندنی لە لایەن پەرلەمانەوە.

شاخەوان عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەش کرد، هەندێك لە فراکسیۆنەکان ئاستەنگیان دروست دەکرد بۆ ئەوەی پرۆژەکە تێنەپەڕێندرێت، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر توانرا ئەو ئاستەنگانە هەڵبگرن، بەتایبەتی کە هەوڵ دەدرا بە پارێزگابوونی هەڵەبجە و قەزای تەلەعفەر بکرێتە یەك پاکێج.

شاخەوان عەبدوڵڵا جەختیشی کردەوە، پاساوی هەندێك لە فراکسیۆنە عێراقییەکان لەگەڵ ئاستی قوربانییانی هەڵەبجە یەك ناگرێتەوە، چونکە بابەتی هەڵەبجە بابەتێکی

مەعنەوییە و پەسندکردنی پرۆژەیاساکە کەمترین وەفایە بەرانبەر بە قوربانییانی هەڵەبجە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق گوتیشی، هەندێک فراکسیۆنی سیاسی کە تا ماوەیەک بەڵێنیان بە کورددا بوو بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاساکە، بەڵام ویستیان بە پاساوی جیا جیا دانیشتنەکەی پەرلەمان تێک بدەن. ڕوونیشی کردەوە، پرۆژەیاساکە زۆر بە یاسایی تێپەڕی.